# ئالتوسیر

# فەیلەسوفی بکوژ

***دیدار مەسیفی***

dmasifi289@yahoo.ca



پیاوێکی سەرسپی بە بێجامە و جل و بەرگی خەوەوە سێ چوار پێپلیکان بە یەک هەنگاو بۆ خوارەوە دەبڕێت، بۆ سەرەوە، دوایی هەناسە سارد و خەمۆک دەگاتە بەر دەرگای ماڵی کۆنە دۆستێکی و بە هات و هاوارێکی شێتانە لە شیرینی خەو بە ئاگای دەهێنێت. هەر کە دەرگا دەکرێتەوە پیاوە سەر سپیەکە بەرۆکی دۆستەکەی توند دەگرێت و شتێکی پێدەڵێت کە خۆیشی لە ئاست ئەنجامدان و درکاندنی سەراسیمە و تاساو بوو.

ئەو سپێدە زووەی پایز ئەو پیاوە سەرسپیە بە ڕاکردن گۆڕەپانی دانشگای ئیکەلی نۆرمال سوپەریوری دەبڕی و تۆزقالێک لەم فەیلەسوفە فەرەنسیە بیرتیژە نەدەچوو کە بیرمەندانی وەک رۆژێ دوبرێ و میشێل فۆکۆی دەرس دابێت. کە ڕایدەکرد، ئەو سپێدەیە زووەی یەکشەممە جادەی ئولم لە پاریس لە دەروونی ئەو سارد و چۆل و خەمناکتر دیار بوو، هەروەها کش و مات گوێیەکانی لەئاست دەنگی نووساوی ئەو پیاوە سەرسپییە داخستبوو کاتێک هاواری دەکرد : {هاوسەرەکەم خنکاند، هاوسەرەکەم خنکاند!} بەڵێ، ئەوە دەنگی لویس ئالتوسیر بوو سەر لە بەیانی 16ی نۆڤێمبەری ساڵی هەشتا.

دکتۆر ئیتیانی کۆنە دۆست و هاوسێ یەکەمین کەس و دوایەمین کەس بوو کە ئالتوسیر پاکانە کۆنترۆل نەکراوەکەی خۆی لە کن بکات. بەڵام ئەویش وەک ملیۆنان کەسی ئاشنا بە گەورەیی و هەبیەتی لویس ئالتوسێر لە دونیای فەلسەفە و مەعریفەتدا لە بەرامبەر ئەو هەواڵە ماوەیەک تاسا و نەیتوانی باوەڕ بە خودی ئالتوسیر بکات.

ئیتیان لە سی ساڵ زیاتر لەم شوێنەدا دکتۆر بوو، وە بە هاوڕێیەتی نزیک و کۆنی لەگەڵ ئالتوسیردا پێشتر گومانی حالەتێکی نائارامی دەروونی لە کەسێتی ئەو کردبوو، بەڵام هەرگیز لەم باوەڕەدا نەبوو رۆژێک وایلێبکات کە ئەو پرۆفیسۆرە بەناوبانگەی ئیکەلی نۆرمال تاوان بەرامبەر نزیکترین کەسی ئەنجام بدات. دکتۆر ئیتیان لە بەر دەرگاوە هەر کە گوێبیستی ئالتۆسیر دەبێت، خێرا ئەویش بە بێجامەو جلی خەوەوە بە هەمان ڕێگادا بە دوای ئالتوسیردا ریدەکات و پەشۆکاو دەگاتە سەر تەرمی سارد و سڕی ئێلین. پاش سەرنج و پشکنینێکی خێرا روو دەکاتەوە ئالتوسیر و دەڵێت "ئیتر تەواو، کەس ناتوانێت ئێلین زیندووبکاتەوە!" ئێلین لە کۆتایی چلەکان کە بە ئالتۆسیر ئاشنا بوو بە تەمەن نزیکەی دە ساڵ لە ئەو گەورەتر بوو. ئەو قەیرە

کیژێکی جولەکەی لیتوانی زرنگی چەپڕەو بوو وە لە نێو هاوەڵ و هاوڕێیانی ناو دەنگێکی دیاری هەبوو. دەڵێن لە پەنای هەر پیاوێکی مەزن سێبەری ژنێک هەیە، ئەگەر ئەوە بۆ کەس راست نە بووبێت، ئەوا بۆ ئالتوسیر پڕ بە پێستە. چونکە ئەگەر ئەو ئێلینی نەناسیبووایە، هەرگیز مەزنی و ناوبانگی لە دوو تەوەرەی جیا و دژ بە یەکدا پێکەوە بە لوتکە و بنبەست نەدەگەیشتن. هەروەها کەسیش لە دوای شیت بوونی نیچەوە لە سەردەمێکی دیکەدا بە کەوتنی فەیلەسوفێک تووشی نائومێدیێکی تر نەدەبوو.

ئالتوسیر ئەگەر ئێلین نەکەوتبایە نێو ژیانی نە دەستی لە سەر و ریشی مارکس دەئالا و نەدەبوو بە یەکەمین فەیلەسوفی بکوژیش. ئەو لە سەرەتا ویستبووی خەریکی فەیلەسوفی سکۆتلەندی دەڤید هیوم بێت لە جیاتی مارکس، بەڵام قەدەر دەستی خۆی لە هەموو کەسێک دەوەشێنیت، وە سنووری نێوان کەسی سادە و فەیلەسوف ناناسێت. ئالتوسیر لە دوا کتێبی بیرەوەرییەکانی بە ناوی { دوارۆژ تا سەر دەمینێت }پاش ئەوەی رۆسۆ ئاسا چاک و خراپی ژیانی دەڵێت و پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت کە هەرگیز ئەو مارکسیەت لەسەر دەستی ئێلین فێر نەبووە.

لە { دوارۆژ تا سەر دەمینێت } لویس ئالتوسیر سەیر باسی ژیانی هاوسەری خۆی لەگەڵ ئێلین دەکات، سەرەڕای نەشاردنەوەی خۆشەویستی و سۆزی ئەو بۆ ئەم. نزیکەی چل ساڵ مانەوەی لەگەڵ ئیلین لە ژێر یەک باندا وەک زیندانی ژێر چەپۆکی دایکێکی زڕ و سالار سەیر دەکات.

ئەو بە قووڵ بوونەوەی لە مارکسیەتدا چەند دەیەویست ئەو تیورە فەلسەفیە لە دوگما رزگار بکات، ئەوەندەش لە ژیانی هاوسەری و تەوقی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێلیندا بیزار بوو و بۆ هەناسەیەک دەگەڕا. ئالتوسیرلە کتێبی پاکانەکەی لە کەسێتی ئەو و ماوەی دە ساڵ تەمەنی نێوانیان گرییێکی کوێر و دژواری دەبینی بەڵام هەرگیز بە خەیاڵیش بەرەو ئاقاری تاوانی نەدەبرد.لەبەر ئەوە پاش ئەنجامدانی تاوان و پاکانەی پڕ لە شەرم و سۆزی دەتگووت هێزێکی مەزنتر لەم تیورە فەلسەفیەی کە ئەو بە درێژایی ژیانی کاری لەسەر کرد، پێیگووت ئیتر بەسە تۆش هەر دەبێت ئەوەندەی ئێلین تەمەن بکەیت!